# شۆڕش



کارل مارکس

کۆکردنەوەو وەرگێرانی: ئەنوەر نەجمەدین
جەنوەری ٢٠١٨

# مافی شۆڕش تاکە "مافێکی" بە کردەوەی "مێژووییە"..ئەو مافەیش لە ئیدراکی هەمواندا بە پتەوی چەسپاوە/کارل مارکس

شۆڕشێکی نوێ مەحاڵە بەبێ کاریگەریی قەیرانێکی نوێ. بەڵام ڕوودانی ئەو شۆڕشە حەتمیە هەروەک چۆن ڕوودانی ئەو قەیرانە حەتمیە.

مارکس

ئەوە شۆڕش نیە لە تێشکانەکانیدا شکستی خواردووە، ئەوە پاشماوەی نەریتەکانی بەر لە شۆڕش و دەرئەنجامی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەیە کە هێشتا نەگەیشتبوونە ئاستی پلەیەکی بەرزی توندوتیژ لە ناکۆکیە چینایەتیەکان، ئەوە کەسەکانن، وەهمەکانن، تێڕوانینەکانن .. شکستیان خواردووە. بەڵام شۆڕش بەمە چۆتە پێشەوەو ڕێگاکەی بۆ خۆی شەق کردووە.

مارکس

شۆڕش بەردەوام ڕەخنەی خۆی دەگرێت، بەردەوامیش لە ڕۆیشتنیدا لە خۆی دادەبڕێت و بۆ دەستپێکردنەوەیش، سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی لەوەوبەر وەدەستی هێناوە، وە زۆر بێڕەحمانەیش دەکەوێتە گاڵتەکردن بە خاڵە لاوازەکانی و کەموکوڕیی کۆششەکانی یەکەمی.

مارکس

## ڕەگەزەکانی شۆڕشێکی کامڵ

ڕەگەزەکانی شۆڕشێکی کامڵ؛ لە لایەکەوە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی ئێستان، لە لایەکی تریشەوە پێکهاتنی ئەو کۆمەڵە شۆڕشگێرییەیە کە نەک هەر دژی مەرجە تایبەتەکانی کۆمەڵگای ڕابووردوو ڕادەپەڕێت، بەڵکو دژی (بەرهەمهێنانی ژیان) تا ئەوکاتە، دژی (هەموو چالاکیەک) کە بنچینەی ئەو بەرهەمهێنانەیش بووە، ڕادەپەڕێت ...

.. هەر بەم پێیە ئەگەر ملیۆنان کەس لە پرۆلێتێرەکان لە هیچ حاڵێکدا، لە مەرجەکانی بژێویان ڕازی نەبن .. ئەوا هەرچۆنێک بێت، ئەو ملیۆنان پرۆلێتێرە، ڕایەکی جیاوازیان دەبێت لەم مەسەلەیەدا، ئەمەیش لە کاتی خۆیدا بە مێتودێکی بە کردەوە، دەسەلمێنن .. واتە بەهۆی شۆڕشێکەوە.

مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة

## ئایا کاتی شۆڕشە؟

شتێکی سەرسووڕهێنەرە: سەرباری هەموو گووتارێکی قەبەو هەموو دانراوە ئەدەبیەکانی ئەم شەست ساڵەی دوایی دەربارەی ڕزگاریی کارگەران، کەچی کارگەران ناگەنە ئەوەی مەسەلەکەیان بخەنە ژێردەستی خۆیان لە شوێنێکدا، یەکسەر دەنگ لە لایەنگرانی ئەم کۆمەڵگایەوە بەرزدەبێتەوە دژیان .. وە دەکەونە بیانوو هێنانەوە بۆ ئەوەی گوایە هێشتا کۆمەڵگای سەرمایەداری لە خاوێنترین حاڵەتدایەو باڵغ نەبووەو نەکەوتۆتە سووڕی مانگانەوە، ئەمە گوایە وەک ئەوەی هێشتا ناکۆکیەکانی گەشەیان نەکردبێت، درۆکانی دەرنەکەوتبێتن، حەقیقەتە سۆزانیەکانی ئاشکرا نەبووبێت!

مارکس، شۆڕشی کۆمۆنە

## پیشەسازی و شۆڕش

بەدیهیە، پیشەسازی لە هیچ وولاتێک و هەرێمەکانی هیچ وولاتێکیشدا، ناگاتە هەمان ئاستی وەک یەک. بەڵام هەرچۆن بێت، ئەمە بزووتنەوەی چینایەتی پرۆلیتاریا دواناخات، چونکە ئەو پرۆلیتێرانەی پیشەسازی گەورە دروستی کردوون، جڵەوی سەرکردایەتی دەگرنە دەست لەو بزووتنەوەیەدا وە هەموو بلۆکەکەیش لەگەڵ خۆیاندا بەکێش دەکەن، چونکە ئەو کارگەرانەیشی لە پیشەسازی گەورە دوورن، لە لایەن ئەو پیشەسازیەوە دەخرێنە بارودۆخێکی خراپتر لەو بارودۆخەی خودی کارگەرانی پیشەسازی گەورەی تێدایە. وە ئەو وولاتانەی پیشەسازیی گەورەی تێدا پێشکەوتووە، بە هەمان شێوەی خۆیان کار لەو وولاتانەیش دەکەن کە کەم تا زۆر هەژارن لە پیشەسازیدا، ئەمەیش بەو ئاستەی ئەو وولاتە ناپیشەسازیانە، بە کردەی بازرگانی گشتی، ڕاپێچ دەبن بەدوای تەوژمی ناکۆکیە گشتیەکانی ڕکابەریدا.

مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، ل : ٧١، ٧٢

## لە تاقیکردنەوە مێژووییەکانەوە

کاتێک شۆڕشی شوبات تەقیەوە، هەمووومان لە تێڕوانینەکانماندا، لەژێر کاریگەریی مەرجەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێریی ڕابووردوودا بووین و لە تاقیکردنەوە مێژووییەکانی ڕابووردووەوە دەمانڕوانیە بارودۆخی شۆڕش و جووڵەکەیشی .. بۆیە هەر بە شێوەیەکی سروشتی و حەتمییش، دەبوایە تێڕوانینمان لەبارەی مۆرک و جووڵەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیەوە، شۆڕشی پرۆلیتاریا .. بە تەواوی بۆیاخی بیرەوەریی نموونە کۆنەکانی پێوە بوایە .. بەڵام کاتێک سەدای ڕاپەڕینی پاریسی لە ڕاپەڕینەکانی ڤییەناو میلانۆو بەرلیندا دەرکەوت .. ئیتر ئەوکاتە هیچ گومانێکمان لەوە نەما کە ئیتر ئەوا شەڕی گەورەو بنەبڕ دەستی پێکردو لە ڕێڕەوی ئەم قۆناغە شۆڕشگێریە پڕ لە گۆڕانکاریەیشدا، ئەو شەڕە بە هیچ شتێک کۆتایی نایەت بە سەرکەوتنی پرۆلیتاریا نەبێت.

مارکس، النضال الطبقي في فرنسا

# حيزب و شۆڕش و گروپچێتی

شۆڕش زۆرینه پێی هەڵدەسێت، شۆڕشێک نیه حیزبێک بتوانێت پێی هەستێت، ئەوە تەنها گەلە بە شۆڕش هەڵدەستێت.

مارکس

.. ئینترناسیۆنالیزم" -[کۆمەڵەی کارگەرانی جیهان]- بۆیه دامەزرێنرا هەتا بتوانێت له بری تایەفه سۆشیالیستیەکان و شێوه سۆشیالیستیەکان، ڕێکخراوی بەکردەوەی چینی کرێکار دابمەزرێنێت .. ئەوەیش زیاد دەکەم که "ئینترناسیۆنالیزم" بەردەوام نەدەبوو، ئەگەر ئاراستەی مێژوو، جیهانی گروپچێتی تێکوپێک نەشکاندایه.
گەشەی گروپی سۆشیالیستی و گەشەی بزووتنەوەی ڕاستەقینەی چینی کرێکار، هەمیشه به ئاراستەیەکی پێچەوانه به یەکتر دەڕۆن. وه مادام -له باری مێژووییەوە- گروپەکان بیانووی بوونی خۆیانیان هەیه، ئەوا هێشتا چینی کریکار، وەک بزووتنەوەیەکی مێژوویی سەربەخۆ، کامڵ نەبووه. وه ئەم چینه ناگاته ئاستی کامڵ بوون، هەموو گروپەکان له جەوهەریاندا دەبنه کۆنەپەرست. لەگەڵ ئەوەیشدا، له مێژووی ئینترناسیۆنالیزمدا ئەم ڕووداوه له هەموو شوێنێک دووباره دەبێتەوە. وه لەگەڵ ئەوەی سەردەمی گروپ بەسەرچووه، کەچی گروپ هەردەم هەوڵی دامەزراندنەوەی خۆی و بەردەوام بوونیش دەداتەوە لەنێو ڕەحمی شێوه نوێکاندا.

هەموو مێژووی "ئینترناسیۆنالیزم" تێکۆشانێکی نەپچڕاو بوو له "ئەنجوومەنی گشتیەوە" دژی گروپچێتی و هەوڵی درێژەدانیان به مانەوە دژی بزووتنەوەی بەکردەوەی چینی کارگەر تەنانەت له نێو "ئینترناسیۆنالیزم" یشدا. ئەم تێکۆشانه له کۆنگرەکاندا دەکرا. وه هەروەها له گفتوگۆی تایبەتیی "ئەنجوومەنی گشتی" دا لەگەڵ هەموو گروپێکدا دەکرا به جیا.

مارکس، مراسلات، ل : ١٣٦

سەرکەوتنی بزووتنەوەی کارگەران لە هیچ وولاتێکدا سەرکەوتوو نابێت بە هێزی یەکگرتنی ئەو چینەو ڕێکخراوبوونی نەبێت .. یەکێکیش لە ڕەگەزەکانی سەرکەوتن ئامادەیە -ئەویش ژمارەیە ... بەڵام ژمارە چارەسەری مەسەلەکە ناکات ئەگەر جەماوەر بە مەعریفەوە خۆی ڕێک نەخات.

ئامانجی کۆمەڵەی کارگەران، یەکخستنی بزووتنەوەی خۆبەخۆی چینی کارگەرو ئاراستە کردنێتی لە ڕێرەوێکی هاوبەشدا، بەڵام هەرگیز ئامانجی ئەوە نیە هیچ عەقیدەیەک بسەپێنێت بەسەر ئەو چینەدا ..

مارکس، بەیانی کۆمەڵەی کارگەرانی جیهان

## شۆڕشی سیاسی یان شۆڕشی کۆمەڵایەتی؟

.. شۆڕش بە گیانێکی سیاسیانەوە .. توێژێکی سەروەر لە کۆمەڵگا ڕێکدەخات لەسەر حیسابی کۆمەڵگا خۆی ..

شۆڕشی "کۆمەڵایەتی" بە گیانێکی سیاسیانەوە؛ تەنها ڕیزکردنی ووشەی بێمانایە ..

هەر شۆڕشێک کۆمەڵگای کۆن برووخێنێت، بەو ئاستە کۆمەڵایەتیە، هەر شۆڕشێکیش تەنها دەسەڵاتی کۆن برووخێنێت ئەوە بەو ئاستە تەنها مۆرکێکی سیاسی لەخۆگرتووە.

مارکس، ملاحظات انتقادية على مقالة "البروسي"

## شۆڕشە برجوازیەکان و شۆڕشە پرۆلیتاریەکان

شۆڕشە برجوازیەکان، شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەهەم، لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر شەپۆل دەدەن، هەر یەکێک لە شوێنەوارە دراماتیکیەکانیشی بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ دەبن .. - بەڵام تەمەنی ئەم شۆڕشانە کورتن.

شۆڕشە پرۆلیتاریەکان، شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بەردەوام ڕەخنە لە خۆیان دەگرن، بەردەوامیش لە ڕۆیشتنیاندا هەڵویستەیەک دەکەن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دەستپێبکەنەوە، وە زۆر بێرەحمانەیش دەکەونە گاڵتەکردن بە چارەسەرە نیوەناچڵەکان و لاوازیەکان و کۆششە سەرەتاییەکانیان.

The Eighteenth Brumaire of Louis Bonaparte. Karl مارکس، Marx 1852

## شۆڕشی کۆمۆنە

ئەمە یەکەمین شۆڕش بوو بە ئاشکرا دانی پێدا بنرێت کە چینی کرێکار یەکەم چینە دەتوانێت بە دەستپێشخەریە کۆمەڵایەتیەکان هەستێت؛ تەنانەت جەماوەری بەرفراوانیش لە توێژە ناوەندیەکانی پاریس دانیان بەوەدا نابوو - فرۆشیارو بازرگان و پیشەگەرە بچووکەکان- تەنها سەرمایەدارە دەوڵەمەندەکان نەبێت ...

... جەنگی ١٨٤٨، کۆماری پەرلەمانی فەرەنساو هەموو حکومەتە ئەورووپیەکانی ئەو کیشوەرەیشی ناچار کرد بە بەهێزکردنی ئامرازەکانی سەرکوتکردن و گردکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەت و ڕێوشوێنی سەرکوتکارانە دژی بزووتنەوەی میللی، تاکە دەرئەنجامی هەموو شۆڕشەکانیش چاککردنی ئامێری دەوڵەت بوو لە بری لەناوبردنی ئەو مۆتەکە خنکێنەرە ... وە لە دواییشدا، لە سەردەمی ناکۆکیە شۆڕشگێریەکانی ١٨٤٨ دا، وەک ئامرازێک بەکارهێنرا بۆ شکاندنی ئەو شۆڕشەو هەموو خواستێکی جەماوەری میللی بۆ ڕزگار بوون ...

وە هەر چینی کرێکار بوو دەیتوانی بەهۆی ووشەی کۆمۆنەوە ئەو خواستە نوێیە کۆبکاتەوەو وەدی هێنانی کۆمۆنەی پاریسیش بخاتە ئەستۆی خۆی .. تەنها پرۆلیتاریایشە بتوانێت بە گەرمەوە، بە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەستێت لە پێناوی هەموو کۆمەڵگادا، بۆ لەناوبردنی هەموو چینەکان و سەروەریتی چینایەتی. تەنها پرۆلێتێرەکانن ئەو پیاوانەی دەتوانن ئەو ئامرازەی سەروەریتی

چینایەتی بشکێنن کە دەوڵەتە، وە ئەو دەسەڵاتە حکومیە ناوەندیە ڕێکخراوە بشکێنن کە داگیرکارانە بۆتە سەروەری کۆمەڵگا لە بری ئەوەی خزمەتکاری بێت ... سەبارەت بە میللەتیش هەر ئەوەندە بەس بوو میلیشیایەک لەسەر ئاستی نیشتمانی ڕێکبخات بۆ ڕزگار بوونی لە سوپای هەمیشەیی. ئا ئەمە یەکەمین مەرجی ئابووریی پێویست بوو بۆ هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی ... ئەو گۆڕانکاریە ئابووریەیشی کە دەبوایە وەدی بهێنرایە، هەر تەنها گۆڕینی دابەش کردن نەبوو، بەڵکو ڕێکخستنەوەیەکی نوێی بەرهەمهێنانیش بوو، واتە ڕزگار بوون بوو لەو فۆرمە کۆمەڵایەتیانەی لە ڕێکخستنی ئێستای کاردا هەیە (ئەو فۆرمەی پیشەسازی نوێ جێی هێشتووە) .. وە لە دواییشدا دەبێت وەدی هێنانی ئەو فۆرمانە، لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانی و ئینترناسیۆنالیستی بن.

مارکس، کومونة باريس، غصوب

## پرۆلیێتاریاو شۆڕش

کاتێک نووسەرە سۆشیالیستەکان ئەم ڕۆڵە پاڵەوانێتیە دەگێڕنەوە بۆ پرۆلیتاریا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، ئەوان پرۆلیتاریەکان بە خواوەندێک دادەنێن. بەڵکو بە پێچەوانەوە، مادام ڕووتبوونەوە لە هەموو ئینسانیەتێک و ڕووخساری ئینسانییش، بەکردەوە لە پرۆلیتاریایەکی کامڵدا ڕوویداوە، مادام مەرجەکانی ژیانی پرۆلیتاریا هەموو مەرجەکانی ژیانی کۆمەڵگای هاوچەرخ بە هەموو نائینسانیەتەکەیەوە، لە خۆیدا کورت دەکاتەوە، مادام مرۆڤ خۆی لە پرۆلیتاریادا وون کردووە .. ئەوا پرۆلیتاریا ڕاستەوخۆ ئامادەی شۆڕشە دژی ئەو نائینسانیەتە؛ ئەوەیش ئەو دەرئەنجامە ئەداتەدەست کە پرۆلیتاریا دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات، وە دەشبێت خۆی ڕزگار بکات. بەڵام ئەو ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات بەبێ سەرکەوتن بەسەر مەرجە تایبەتەکانی ژیانی خۆیدا، بەبێ سەرکەوتن بەسەر هەموو مەرجە نائینسانیەکانی ژیانی کۆمەڵگای هاوچەرخدا کە بە چڕی لە وەزعی پرۆلیتاریادا کورت دەبێتەوە .. مەسەلەکەیش ئەوە نیە ئایا ئەم یان ئەو پرۆلیتاری وە یان هەموو پرۆلیتاریایش چ ئامانجێکی وەختییان هەیە. بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە: پرۆلیتاریا لە چی پێکدێت؟ وە ناچارە وەک دەرئەنجامی ئەو پێکهاتەیە، چی بکات. ئامانج و کارە مێژووییەکەی پرۆلیتاریا

**به شێوەیەکی حەتمی و بە ڕوونییش، لە ژیانی تایبەتی خۆی و هەموو ڕێکخستنی کۆمەڵگای برجوازیی هاوچەرخدا دەردەکەوێت.**

**کارل مارکس، العائلة المقدسة**